زانکۆی گەرمیان
University of Garmian

# چەمکی ڕەشبینی لە شیعری (محەمەد عومەر عوسمان و ئیدریس جماع) دا

**حسن سرباز ، مەریوان حسێن فەرحان**
**بەشەکانی کوردی و عەرەبی زانکۆی ، کۆلێجی زمان و ئەدەبیات، کوردستان-سنە**

کورتەی باسەکە
ڕەشبینی یەکێکە لە دیارترین چەمکەکانی شیعری هاوچەرخ، ئەم چەمکەش زۆر ڕوون و ئاشکرا لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر شاعیری هاوچەرخی کورد و ئیدریس جماع شاعیری هاوچەرخی سودان) دا دیارە، ئەمەش لە ژێر کاریگەری لایەنی دەروونی و بار و زروفی کۆمەڵگای کوردی و عەرەبیدا لە ڕووی نادادیە کۆمەڵایەتیەکان و خەفەکردنی ئارەزووە تایبەتیەکان، دووری و دابڕان بوونەتە هۆکار گەلێکی نەخۆشی دەروونی و ڕەشبینی هەردوو شاعیر و ئەمەش وای کردووە کە هەردوو شاعیر زۆر کات هانا بۆ مەرگ ببەن، یاخود ئارەزووی مردن بکەن، زۆرکاتیش گومان و دڵەڕاوکێکانیان کە هۆکاری ئەم خەم و ئازارەیانە تووشی هەرەسهێنانیان دەکات و ڕەشبینتر دەبن، ئەم توێژینەوەیەش بەپێی ڕێبازی قوتابخانەی ئەمریکی ئەدەبی بەراوردە،کە ئامانجمان خستنەڕووی ناوەڕۆکە ڕەشبینیە وێکچووەکانی هەردوو شاعیرە، ئەوەی جێگای پرسیار و گەڕانە بەدوای وەڵامەکانیدا لەم توێژینەوەدا ئەوەیە کە گرنگترین هۆکارەکانی ڕەشبینی لە شیعری هەردوو شاعیردا چین؟ ئایا کام شاعیر ڕەشبینتر ڕوانیویانەتە دنیا بەگشتی و ئایندەی خۆیان بەتایبەتی؟

وشە سەرەکیەکان : ڕەشبینی، محەمەد عومەر عوسمان، ئیدریس جماع، مەرگ، خەم و ئازار، دڵەڕاوکێ، ئەدەبی بەراوردی.

پێشەکی
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیە دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردیەوە، بۆ خستنەڕووی لایەنەکانی ڕەشبینی لە شیعری دوو شاعیری هاوچەرخی عەرەبی و کوردی (ئیدریس جماع 1922-1980زاینی و (محەمەد عومەر عوسمان) 1957ز، هەردووکیان بە شاعیری غەم و ڕەشبین ناسراون هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەردوو شاعیر وەکو یەك بووە سەرباری جیاوازی ژینگە و شوێنی جوگرافی نەتەوەی کورد و عەرەب ، چەندین بابەتی تر شایانی باسکردنن لەسەر ئەم دوو شاعیرە، بەڵام لەم توێژینەوەی ئێمەدا هەوڵمانداوە لایەنەکانی ڕەشبینی لە شیعری هەردوو شاعیر بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەم بابەتەش بووەتە ناوەڕۆکی شیعری زۆربەی شاعیرانی هاوچەرخ ، بابەتەکانی ڕەشبینی لە دنیای ئەمڕۆدا هەمەچەشن و هەمە جۆرن وەکو غەم و دووری و دابڕان و نادادیە کۆمەڵایەتیەکان و چەوتی دەسەڵاتی سیاسی... هتد.لە ڕاستیدا ئەمانە بە هۆکاری ڕەشبینی دادەنرێن و دەچنە خانەی بابەتی ڕەشبینیەوە و دەبنە کەرەستەیەك بۆ شاعیر لەکاتی هەڵبژاردنی بابەتە ڕەشبینیەکان لە شیعرەکانیاندا.

لەگەڵ جیاوازی خێزانی زمانی و ڕەچەڵەکی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، بەڵام پەیامی هاوبەش و دەربڕینی خەم و حەسرەت و ڕوانینی وێکچوو لە نێوان شاعیراندا بەدیدەکرێت و ئێمەش هەوڵی ساغکردنەوەی ئەو پەیامە هاوبەشانەمانداوە لە شیعرەکانی هەردوو شاعیردا، سەرەتا تیشکمان خستووەتە سەر ڕەشبینی لە دیدی دەروونناسان و کۆمەڵناس و فەیلەسوفان و چۆنێتی ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبدا و پاشان کورتەیەکمان لە ژیانی هەردوو شاعیر خستووەتەڕوو، دواتر هەریەکە لە ناوەڕۆکگەلی وەکو (مەرگ و خەم و ئازار و گلەیی لە بەختی ڕەش و هەرەسهێنان و دڵەڕاوکێ) لە شیعرەکانی هەردوو شاعیردا خراونەتەڕوو لە کۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان بەخاڵ دیاریکردووە.

ڕەشبینی لەڕووی چەمك و تێڕوانینەوە:

ڕەشبینی لە فەرهەنگە عەرەبیەکاندا لە ((وشەی (شأم) ەوە وەرگیراوە دژی وشەی گەشبینیە، واتا ئەو کەسەی کە گومانی خراپ دەکات بەرامبەر بە ژیان)) (ابن المنظور، 2003م:ذیل شأم)، لە زمانی کوردیشدا (ڕەشبین) بەهەمان شێوە وشەی (ڕەش) کە وەسف و پەسنی تێدایە لەگەڵ وشەی (بین) کە ڕەگی چاوگی وشەی (بینین) ە، واتای بینینی شتەکان یان تەماشاکردنی بە ڕەشبینی خراپی و ناخۆشحاڵی بوون بە بینراوەکان، ڕەشبینی دیاردەیەکی دەروونیەو ڕووبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە و ئەمەش لە ئاکامی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیدا، بەهۆی پاڵنەرێکی دەرونیەوە لە ژیانی تاکێکدا دێتە ئاراوە، مۆتیڤەکانی ڕەشبینی زۆرن و زیاتر پەیوەندیان بە هەلومەرجی خودیەوە هەیە، یاخود هەندێکجار پەیوەندیە بابەتیەکان وەکو شەڕوشۆڕ و ڕەشبینی لە دۆخی سیاسی و داهاتی وڵات و نەبوونی سنورێکی جوگرافی دەبنە مایەی ڕەشبینی (( ڕەشبینی بریتیە لە کێشەی هزری، ئەویش بەوەی لایەنی خراپی هەموو شتێك وەردەگرێت،جگە لەو باسی هیچی تر ناکات ئەمیش یەکێکە لەو حاڵەتانەی کە ڕووبەڕوی دەرونی مروڤ دەبێتەوە)). (هانی سلیمان،150:2011).

ئەوەی جێگای بایەخە ئەم جۆرە نەخۆشیە لە بواری ئەدەبیشدا گرنگیەکی تایبەتی پێدراوە و شیعر دەرخەری زادەی دەرونی شاعیرە، بارودۆخی رامیاری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەندروستی شاعیر رەنگدانەوەی لەسەر دەقەکانی دەبێت. شارەزیانی بواری ئەدەب و دەروونناسانیش روانینی جۆراو جۆریان هەیە بۆ چەمکی ڕەشبینی و رەنگدانەوەی لە ئەدەبدا ((هەروەکو ئاشکرایە شاعیر لە شیعرەکانیدا دەرونی خۆی دەدوێنێ و ئەو شتانەی دەینووسێت لە ناخی دەرونیەوە هەڵدەقوڵێت، بۆیەکەمجار زۆر رەنگ و بۆی بابەتی دەرونیان لێدێ لەبەرئەوە رەهەندی دەرونی بوونی بەردەوام لە شیعردا هەیە)). (هاوژین صلیوە، 2013: 76)، ژیانی پڕ ئازار و ئەشکەنجە و مەینەتی دەبێتە بەشێك لە بیرەوەریەکانی شاعیر و لە نەستیدا دەمێنێتەوە و بەمەش دووچاری ڕەشبینی دەکات و ئەم ڕەشبینیە پەل و پۆ دەکێشێت بۆ نێو تێکستەکانی شاعیر. (( ڕەشبینی پێچەوانەی گەشبینیە و دنیابینی ئاوەژو دەبێتەوە، کەسی ڕەشبین ئومێدی بە ژیان نیە، یان ئەگەر هەشبێ نەرێنیە و خۆشی و ئارامی لە ژیاندا بەدی ناکات و هەمیشە بێ ئومێدە و لە خەیاڵی مردندایە، کەواتا ڕەشبین ئەو کەسەیە کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆمەڵگادا ناگونجێت و درککردنی لاسەنگ دەبێت و ناتوانێت راستی خەیاڵ لەیەك جیا بکاتەوە، دەبێتە کۆیلەی وڕێنە و وەهم و دەست بەرداری بیرکردنەوە و سۆز دەبێت دەست لە دنیا دەشوات)). (سامان عیزەدین سعدون،2015: 33)، ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نین کە شاعیری ڕەشبین دەستبەرداری سۆز بێت بە پێچەوانەوە زۆرکات نەخۆشیە دەرونیەکان دەبنە پاڵنەرێکی زیاتر بۆ داهێنانی ئەدەبی و دەربڕینی سۆزی تایبەتی بەبێ گوێدانە کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی.

(فرۆید) زانای شیکاری دەرونی بیر و بۆچونێکی جیاواز تری هەیە لە مەسەلەی گەشبینی و ڕەشبینیدا وەکو دەڵێت: ((گەشبینی یاسایەکی گشتی ژیانە، ڕەشبینی لە ژیانی تاکدا ڕوونادات ئەگەر گرێیەکی دەرونی نەبێت، پەیوەندیەکی ویژدانی خراپی زۆر ئاڵۆزە، باپەندبوونی بە بابەتێك لە بابەتە دەرونیە ناوەکی و دەرەکیەکانەوە خۆی دەبینێتەوە و توانای شیکاریکردنی هیچ بابەتێکی ژمێریاری نیە تەنانەت ئەگەر بابەتێکی ئاسانیش بێت، ئەم دیاردەیە ناگەڕێتەوە بۆ ئاستی زیرەکی، بەڵکو پەیوەندی بەگرێیەکی دەرونیەوە هەیە واتلێدەکات رقت لە بابەتی ژمێریاری بێتەوە، دەتوانین بڕیاری ئەوەت لەسەر بدەین کە بوویتەتە کەسێکی ڕەشبین لەبەرامبەر کرداره ژمێریاریەکەدا)) (یوسف میخائیل اسعد، 1983 : 17 )، گەشبینی لە ژیانی مرۆڤدا لە لای فرۆید جیاوازترە، بەهەمان شێوە ڕەشبینیش بەلای فرۆیدەوە گرێیەکی دەروونیەوە زاڵ بووە بەسەر دەروونبدا لە ئەنجامی شکستهێنان لە بوارێکی دیاریکراودا ڕوودەدات، بەڵام ژیان رەتناکاتەوە و دەروونی مرۆڤێك نادۆزێتەوە کە بە سروشت و لە بنچینەدا ئارەزومەندی ڕەشبینی بێت زیاتر لەوەی کە گەشبین بێت.

کورتەیەك لە ژیانی هەردوو شاعیر:

ئیدریس جەماع: شاعیرێکی هاوچەرخی عەرەبە و خاوەنی دیوانێکی شیعریە بەناوی (لحظات باقیە)، (( ناوی تەواوی ( ئیدریس محەمەد جماع )ە شاعیر لە ساڵی 1922زاینی لە گەڕەکی (حلفایە ملوك) ی شاری خەرتومی وڵاتی سودان لە دایکبووە، لە بنەماڵەیەکی خانەدان و باوکی سەرۆك هۆزی (العبدلاب) بووە، لە ساڵی 1930 لە قوتابخانەی (حلفایە ملوك الاولیە) دەستی بە خوێندن کردووە، لە ساڵی 1936 بووە بە خوێندکاری کۆلێژی مامۆستایانی (بخت الرضا)، لە ساڵی 1941ز لە قوتابخانەی (الخرطوم الاولیە) دادەمەزرێت، لەساڵی 1947 دەچێتە وڵاتی میسر بۆ پکەهێنانی ژیانێکی زانستی و رۆشنبیری پەیوەندی دەکات بە

پەیمانگای ( الزیتونیە) ەوە و لە ساڵی 1951 بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی (دار العلوم) بە دەست دێنێت، وەکو لە زاری براکەیەوە دەیگێڕێتەوە ژیانی هاوسەرگیری پێك نەهێناوە و (زین العابدین) برای شاعیر لە بارەی ژیانی تایبەتی شاعیرەوە دەڵێت: ئیدریس بەختی رەش بوو لە ژیاندا و تووشی نەخۆشیەکی دەروونی هات و نەیتوانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی زیاتر بگرێتە ئەستۆ. لە 1980/3/27 زاینی کۆچی دوایکردووە و لە گۆڕستانی باکوری (الحلفایە) بە خاك سپێرا)). (منیر صالح عبدالدقادر، 1998: 5-8).

محەمەد عومەر عوسمان: (ناوی (محمد عومەر عوسمان)ە، لەساڵی (1957) لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەشاری سلێمانی تەواوکردووە. هەرلەسەرەتای لاوێتیەوە دەستی بەکتێب خوێندنەوە کردووە لەساڵی (1975) دەستی کردووە بە نوسینی شیعر و بڵاوکردنەوە. (محمد عمر عوسمان) کۆی بەرهەمەکانی لە دیوانێکدا بەناوی (لەغوربەتا) بڵاوکردووەتەوە تائێستا دوو ماستەر لەسەر شیعرەکانی وەرگیراوە، لە چوار نامەی دکتۆراشدا وەك سەرچاوەی سەرەکی بەکارهاتووە و تائێستا شیعرەکانی بۆچەندین زمانی زیندوو وەرگێڕدراون. نازناوی (ژەنەراڵی پایز) ی بۆ هەڵبژاردووە، ئاشنایە بە رەوتە رۆشنبیریە شیعریە ئەوروپی و عەرەبیەکان). (سەروەر سەعدوڵا ، 2013: 7 ).

رەشبینی لە شیعری هەردوو شاعیردا

مەرگ :

مەرگ رەهەندێکی دەروونی بۆ نوسەران و شاعیران دروستکردووە و بووەتە پرسیارێکی فەلسەفی لای زۆربەی ئەدیب و فەیلەسوفان و بەپێی مێژووی مروڤایەتی دەبینی کەسانێکی زۆر لە مردن هەڵهاتوون و لە ئەفسانە کۆنەکانیشدا لەوانە داستانی (گلگامش) پاڵەوان بە دوای دەرمانێکدا گەڕاوە کە نەمری پێ ببەخشێت، بە پێچەوانەشەوە هەندێکجار بەشێك لە شاعیران کە دووچاری رەشبینی دەبنەوە ئاواتەخوازی مردنن یاخود، هانا بۆ خۆکوشتن دەبەن، مەرگ و خۆکوشتن دوو دیاردەی زۆر زەق و دیارن لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر) دا، بە شێوەیەکی گشتی ژیانی شاعیر مۆسیقایەکی ئارامە لە بیابانی مەرگێکی لەسەرخۆدا، شاعیر لە یەکێك لە شیعرەکانیدا بەناوی ((خۆکوشتن)) ەوە پرسیاری جۆرە خۆکوشتنێك دەکات کەلە رێگەی چەقۆ و لە کاتی خەودا بێت کە مرۆڤ لەوپەڕی بێئاگایدایە و ئاماژە بە قوڵپی خوێن دەکات کە نیشانەی سورکردنی جێگا و سەرینەکەیەتی ((رەنگی ئاگر و هەستی گەرمی ئەدا و تیشکە نزیکەکانی لە ناوچەی ژێر سورەوە لە کۆمەڵەی شەبەنگدا بە قوڵایی ریشاڵەکانی جەستەی مرۆڤ رۆدەچێتە خوار)). (فازیل کەریم ئەحمەد و کۆمەڵێ نووسەر،2004: 252). باس لە مردنی مردن دەکات کە رەشی خۆکوشتن لە ناو بچێت شاعیر سوور دەزانێت کە خۆکوشتن دەرد و بەڵایە کەچی هاناشی بۆ دەبات، ئەنجامدانی کردەی خۆکوژیەکەشی کردووەتە نیوەشەوەوە کە ئارامترین کاتەکان و کاتی راز و پەنهانە و دەیەوێت لەوپەڕی هێمنیدا پەنا بۆخۆکوشتن ببات ئەمەش جێگای پرسیار و هەڵوێستە لەسەرکردنە بۆچی شاعیر لە ئارامترین کاتدا خۆی بکوژێت؟ دیارە شاعیر دەیەوێت کەس ئاگاداری خۆکوشتنەکەی نەبێت ئەمەش دەرخەری ئەوپەڕی رەشبینی شاعیرە، لە کۆپلەی دواتردا شاعیر بە خەیاڵی هاتن نەفرەت لە مردن دەکات و جارێکی تر ژیان دەکات و چەقۆ رەشەکە وەلاوە دەنێت، جارێکی تر بەجێهێشتنی ئەو ئەمجارە نەك تەنها مەرگ و کوشتنی خودی شاعیر، بەڵکو تەواو ماڵی شاعیر دەبێتە تابووت و گۆڕستانێکی بچوك، هۆکاری ئەم رەشبینیەی لە ژیان و هانا بۆ مەرگ هەراسانکردنی شاعیرە لەلایەن تەنها کەسێکەوە نەك تەواوی کۆمەڵگا وەکو دەڵێت:

خۆکوشتن

ئای کەی بێ چەقۆی ژێر سەرینەکەت<br>
لە قوڵپی خوێندا گەرم بێتەوە؟<br>
یان مردن بمرێ و لە ژوورەکەتا...<br>
هەوری خۆکوشتن بڕەوێتەوە؟<br>
کەنیوە شەوان ... هانا بۆ مەرگ.. مەرگی خۆم ئەبەم<br>
روخسارێکی کاڵ لە دوورەوە دێ کاڵ هەر وەکو ئەم<br>
هەتا دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ..<br>
لە پڕا ئەڵێم ئای خۆ هاتووە

سەری ناوەتە سەر پەنجەرەکەم
زەردە ئەیگرێ و
زۆر بە خامۆشی لە سیمای مردووم وردەبێتەوە
منیش چەقۆکەم دەشارمەوە
نەفرەت لەبیری خۆکوشتن ئەکەم
کە هەنگاوێکیش بەرە و رووی دەنێنم
بەجێم ئەهێڵێ (محەمەد عومەر عوسمان، 2002: 15)

لەکۆتایدا جارێکیتر بە نائومێدیەوە هانا بۆ چەقۆی خۆکوشتن دەبات و دەڵێت:

دیسان ژوورەکەم کە پڕ ئەبێتەوە لە زایەڵەی گۆڕ
هەزاران تابووت لە ناوچاوانما ئەخولێتەوە
لە تەم و مژا پەل دەهاوم و
جارێکی تریش هانا بۆچەقۆ رەشەکە ئەبەم (هەمان سەرچاوە: 16)

شاعیر زۆر کات نەك تەنها هانای بۆ مەرگ بردووە، بەڵکو رەشبینی و جیهانە تراژیدیاکەی بەردەوامە و هیچ خۆشیەك بەدیناکات و سینەی بە ئاگردانێکی بەجۆش و کڵپە دار دانیاوە و ژیان و سروشت و کەرەستەکانی دەور و بەریشی بە تەرم و مردن و گڵکۆ دێتە پێش چاو، رەشبینی و کوێرەوەریەکان هەتا کۆتای ژیان نابڕێتەوە و ژیانی شاعیر ئاوێنەی مەرگە وەکو لە شیعری ((بابەتاهیر)) دا دەڵێت:

لە جیاتی بۆنی لالەی کۆساران
قوڵایی سینەم کەیلە لە بۆسۆ
بەهەر لایەکا چاو ئەگێڕم من
هاوارە .. تەرمە... مردنە و گڵکۆ (محەمەد عومەر عوسمان، 2002: 94)

(ادریس جماع) لە باسی مردن و ئارەزووی مەرگدا رووی دەمی لە کەسێکەو سود لەو ئایەتی قورئانە وەردەگرێت کەخوای گەورە فەرموویەتی: ((انا لله وانا الیه راجعون))، ئەمەش بۆ دڵدانەوەی خۆشەویستەکەیەتی و داوای لێدەکات کاتێك کە مردم خەمی من مەخۆ، چونکە ئازارەکانی ژیان بە تەواوەتی منیان تووشی دەردوو ئازار کردووە و بە هەمان شێوەی (محەمەد عومەر عوسمان) هانا بۆ مەرگ دەبات و ئازارەکانی لە شەواندا بەیان دەکات، پێدەچێت بەهەمان شێوەی (محەمەد عومەر) ئەم ئارەزووی مردنەی لە نیوەشەوێکدا لە رێگەی خۆکوشتنەوە بەیان بکات، بەڵام شاعیر بەهۆی باگراوندە ئاینیەکەی و کلتوری کۆمەڵگای عەرەبی و پلە و پایەی خانەوادەکەی ئارەزووی مەرگ دەخوازێت کەچی پیاوەتی و خۆڕاگری لەبەرامبەر ئازارەکاندا دەبنە هۆکاری ئەوەی دەست بۆ کردەی خۆکوژی نەبات، بەڵام چێژ لە مردن وەربگرێت بۆ رزگار بوونی لە ژیانە دژوار و رەشبینەکەی، چونکە باوەڕی بەوەیە هەموو لە دایکبوونێك مردنێك چاوەڕوانێتی بۆیە تەمەنای مردن دەکات و وەکو دەڵێت:

اذا مِتُ لا تحزنی إننی تراب یعود إلی بعضه
لقد جعلتنی لیالی العذاب ألَذُّ المماتٍ علی بغضه
وما کان عیشی هنیئا فأذکر بالامس من غضّه
ولکنَّ فی النفس معنی الرجو له یحتمل المرَّ من محضه (ادریس محمد جماع، 1989: 64)

(ئەگەر مردم خەم مەخۆ من خۆڵێکم و دەگەڕێمەوە و دەبمەوە بە خۆڵ، شەوانی ئازار وای لێکردووم کە چێژ لە مەرگ ببینم و حەزم لە مردن بێت وەك ئەوەی رقم لێبێتەوە، ژیان هیچ خۆش نەبووە کە خۆشیەکانی رابردوو یاد بکەم، بەڵام لە ناخمدا پیاوەتی هەڵدەقوڵێت وبەرگە دەگریت).

لە شیعرێکی تردا شاعیر بەهەمان شێوەی (محەمەد عومەر) لە ژیاندایە، بەڵام مەرگ و گۆڕی خۆی دێتە پێش چاو، هیچ ئومێدێکی بە ژیان نیە و هەر رۆژەی هەست بە مردنێك دەکات، مەرگیش بە شێوە تاڵیەکەی خۆی پیشان دەدات و هێندە رەشبین

و بێ ئومێدە لە ژیان ئازارەکانی ڕۆژانەی بە مەرگ چواندووە و هەندێکجار هێندە سەختن ئازارەکانی تارمای گۆڕەکەی دێنێتە پێش چاو، تەواوی ئەم شیعرە دەرخەری ڕەشبینی شاعیرە و وێنەکان لە دەوری ( مەرگ و تارمایی و گۆڕ) دا خۆیان دەبیننەوە و دەڵێت:

اشاهد مصرعی حینا وحینا

تخایلنی بها اشباح قبری (ادریس جماع: ٨٦)

(جار بەجار مەرگ، یاخود لەناوچوونی خۆم دەبینم، تارماییەکانی گۆڕەکەم دەهێنێتە پێش چاوم).

گلەیی لە بەخت:

شانس و بەخت لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتیەکاندا جێگایەکی زۆر دیاری هەیە و بووەتە وێردی سەر زمان، زۆربەی خەڵکی کارەکان دەدەنە پاڵ بەختی باش، یاخود بەختی خراپ، کاتێك گرفتاری ڕووداوێکی ناخۆش دەبن دەڵێن بەخت یاوەرمان نەبوو، بەهەمان شێوە ئەگەر لەو ڕووداوە بە ئاسانی ڕزگاریان ببێت دەڵێن بەختمان باش بوو، ( بەخت ڕەشی و خۆشبەختی لە ناوچاوانی کەسەکان نووسراوە هیچ کەس ناتوانێت، بە ئارەزووی خۆی بەختی بگۆڕێت). (زرین کوب،1395: 27). ئەمەش لەلای شاعیران زۆر بەدی دەکرێت، زۆربەی شاعیران خۆیان بەچارە ڕەش ناوزەدکردووە و بووەتە مایەی ڕەشبینی شاعیر، (محەمەد عومەر) بۆ دەربازبوونی لەو تەنیاییە کە سەراپا باڵی کێشاوە بەسەر شیعرەکەیدا لە شەوێکی سامناکدا هانا بۆ سەگێك دەبات پایز وەرزی ناسینی ئەو کچە نادیارەی نێو شیعرەکانی لە چاوانی ئەم سەگەدا بەدی دەکات کەچی لە کۆتای ئەم کۆپلە شیعرەدا تف لەبەختی ڕەشی خۆی دەکات و پێوایە دەرد و نەهامەتیەکانی لە میانی ئەو بەدبەختیەدایە کە چارەنووسی شاعیر خۆیەتی سەگێکیش دۆستایەتی ناکات و بەجێدێڵێت، وەکولەم کۆپلە شیعرەدا کە لە شیعری (لە غوربەتا) دا ئاماژەی پێکردووە:

لە تاو تەنیایی .. دوێنێ نیوە شەو

چووم سەگێکی مات بگرمە باوەش

چاوانی ئەتوت گەڵای پایزە

ئەویش جێی هێشتم تف لە بەختی ڕەش (محەمەد عومەر عوسمان، 2002: 43)

(ادریس جماع) شیعرەکانی بەزۆری ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە سەختە بووە کە بەسەری بردووە، هەروەکو (ابراهیم فضل الله ) دەڵێت: ((دەقی ئەدەبی، نوێنەری ناوەوەی نوسەرەکەیەتی دەربارەی ژیان و ئەو شێوەی تیادا دەژی)) (ابراهیم فضل الله، 2011 : ص96). شاعیر بەشێك لە ڕەشبینیەکانی ژیانی دەداتە پاڵ ئەو بەدبەختیەی بووەتە چارەنووسی و بڕاوەتە بەشی و هیچ کەس ناتوانێت بیگۆڕێت، ئەم بەدبەختیەش لایەنێکی دەروونی خراپی لەسەر شاعیر بەجێهێشتووە و لە ئاکامی هەستکردنی بە نەبوونی بەختێکی باش ناتوانێت گەشبین و ئاسودە بێت، بەختی خۆی بە ئاردێك دانیاوە و کە ڕەشەبا بەر بای دابێت و دابەش بووبێتە سەر کۆمەڵە دڕك و داڵێکدا و دواتر بە کۆمەڵێك پێبەتی بڵێن لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا ئەم ئاردە کۆبکەنەوە، ئەمەش شتێکی مەحاڵە و هەرگیز کۆنابێتەوە، بۆیە شاعیر زۆرگلەی لە بەختی خۆی دەکات و ئەم بەدبەختیەش دەگەڕێنێتەوە بۆ زاتێکی گەورە کە لە توانای هیچ کەسدا نیە جگە لەو زاتە بۆیە دەڵێت خۆتان بە بەدیهێنانی خۆشبەختی ژیانی منەوە ماندوو مەکەن.

إنَّ حظی کدقیق فوق شوك نثروه

ثم قالوا لحفاه یوم ریح أجمعوه

صعب الامر علیهم ثم قالوا اترکوه

إنَّ من أشقاه ربی کیف أنتم تسعدوه؟

(محی الدین الذقانی، 2005: 6)

(بەختم وەکو ئاردێك وایە بەسەر دڕکدا پژاندبێتان، دواتر لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا بە کۆمەڵێك پێپەتیان وت کۆی بکەنەوە، کارەکەیان لەسەر قورس و ئەستەم بوو، دواتر وتیان وازی لێبێنن ئەوەی خوا تووشی مەینەتی کردبێت ئێوە چۆن دەتوانن خۆشبەختی بکەن).

هەرەسهێنان:

هەرەس و لە دەستدانی هیوا و ئومێدی مرۆڤەکان بە ژیان پەیوەندیەکی بە هێزی بە واقعی ژیانەوە هەیە، (محەمەد عومەر) کە بە دۆستی پایز و ژەنەراڵی ئەو وەرزە ناسراوە کەلەلای شاعیرانی تر بووەتە هێمای دابڕان وهەڵوەرین ((کەچی محەمەد عومەر پایزی بە

نیشتیمانی خۆی و گەڵاکانیشی بە چاوی دڵدارەکەی زانیوە)). (محەمەد کوردۆ، 2009: 25)، بەڵام هەرەسهێنان و شکستی شاعیر بە شێوازێك دەبێت کە هیوای بە پایزیش نامێت و هەست بە ژیانێکی پڕ لە شکست دەکات و سەگەکانیش بێ ئەوەی بەزەییان بە تەنیای شاعیردا بێتەوە کەوتوونەتە وێزەی و گازی لێدەگرن ئەمیش توانای بەرگری نەماوە و نایەوێت ئازاری هیچ کەس بدات لە بڕی بەرد دەستەکانی نانی تیادایە، لانەیەکی جوگرافی نیە و ڕەشبینی باڵی کێشاوە بەسەر شیعریدا و هەست بەوپەڕی فەرامۆشی دەکات و ئەو وەرزەشی کە نازناوی ژەنەراڵی لەخۆ نابوو ئەمجارەیان ئەویش بەجێی دێڵێت و ئەو گەڵایەی هێمای کچە پایزیەکەی بوو ئەمجارەیان دەبێتە هێمای وەرین و دڵی سەوزی پێدەچوێنێت هاوشێوەی ئەو گەڵایە لە لێدان دەکەوێت و هاوارەکانیشی دەکاتە ئاوازی ئەو تارژەنەی کە لە شارێکی کەڕدا تار دەژەنێت، دەنگی زەنگی کەنیسەیەك کە کرابێتە مەیدانی سەربازی و زەخیرەی شەڕ بەلای شاعیرەوە ئەم زەنگە بووەتە هێمای بێدەنگی کە لە بنەڕەتدا زەنگی کەنیسە هێمای ئاگادار کردنەوەیە و ئەمەش دەرخەری هەرەسهێنان وبەرەو ئاوابوونی شاعیرە کە تەواوی وێنەکان ئاوەژوو بوونەتەوە:

سەدەها سەگ پێم وەڕیوە
کەڵبەی تیژیان لەو دەستانەمدا نوقم کرد
کە نانی تیادا بوو نەوەك بەرد
درەختە پایزیەکانیش منیان جێهێشت
کە دڵی سەوزم دیاری بوو نەك گەڵای زەرد
فەرامۆشم ...
فەرامۆشم وەك تارژەنێکی مەزنی ...
نیشتەجێ بووی شارێکی کەڕ
فەرامۆشم وەك زەنگی ئەو کەنیسەیەی ..
بووبێتە بنکەی سەربازی و زەخیرەی شەڕ (محەمەد عومەر عوسمان، 2002: 117)

(ئیدریس جماع) ئاوێنەی ژیان و شکست و هەرەسهێنان و بەرەو ئاوابوونی تەمەنی لەم شیعرەدا وێنا دەکات، ڕۆژەکانی تەمەنی بە گەڵایەکی وەریوی بەر ڕەشەبا دەچووێنێت و ژیانیشی بە دەریایەك چواندووە کە ئەم کەوتووەتە کەناری ئەو دەریایەوە و هیچ بەزەییەکی بەمدا نایەت و تەواو فەرامۆش و لە بیر کراوە و هیچ نرخێکی نیە، لانەیەك نەماوەتەوە کە ئەمی وێرانە تیایدا ئۆقرە بگرێت، هێلانەکانیش هاوشێوەی شاعیر تووشی هەرەس و داڕوخان بوونە و تەنیا ماوەتەوە و چواردەوریشی لە تەنیای و وەرینی گوڵدا تەنیوە:

وأيامی تساقط من حياتی
كأوراق ذوت والريح تذرى
تطامن دوحها وهوی مكبا
وأجفل عنه تيار بنهر
وهدم مؤنس الاعشاش فيه
فلم تهزج له أنغام طير
ولست تری حواليه رواو
ولكن وحشه وذبول زهر
(ادريس محمد جماع: 88)

(ڕۆژەکانی ژیانم هەروەکو گەڵا وەرین و ڕەشەبا پەرش و بڵاوی کردەوە، زۆر بەلاوازی کەوت و شەپۆلی روباریش زۆر بێ نرخانە فرێداوە کەنارەوە و هێلانەکانیش لەگەڵیدا وێران بوون و هیچ باڵندەیەکیش بۆی نەگریاو هیچ خۆشیەکیشی لە دەوروبەردا نیە، بەڵکوتەنیایی و وەرینی گوڵ بە دەوریەوەیە).

خەم و ئازار:

خەم بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ، سەرەپا ژیانی مرۆڤ بەخەم دەورە دراوە لە شێوەی بازنەیەکدا کەم مرۆڤ هەیە لە بازنەی خەم بچێتە دەرەوە، لە بەرامبەر خەمیشدا شادی هەیە هەندێك لە مرۆڤەکان لە ساتەوەختی خەمباریشدا چاوەڕوانی شادین، ئەوانەشی کە خەمێکی زۆر دەخۆن بێ هیوا و ڕەشبین دەبن لە ژیان، شاعیران زیاتر خەم و ئازار باڵی بەسەر ژیانیاندا کێشاوە و ئەمەش لە ئەنجامی تێڕوانینی زیاتر و لە کۆڵنانی خەمی کۆمەڵگاکەیانە، هەندێك جار ئەو خەم و ئازارانە دەبێتە ئیلهامی شیعریان ((کاتێ هەست بە نەخۆشی و ناخۆشی دەکرێت، پرۆسەی داهێنان بە ئەنجام دەگات، هەر ئەو هۆیەشە کە هونەرمەند بۆ پێکەوە لکاندنی بیر و ڕاکانی بەکاری دەهێنێ)). (مجید محمود، 2008: 22). ئەم جۆرە ڕەشبینیەش بە ئاشکرا لەلای هەردوو شاعیر دەبینرێت (محەمەد عومەر) لەسەرەتای دەستپێکی کۆپلە شیعریەکەیدا بەشێك لەو خەمەی دەداتە پاڵ سەردەمەکەی و خەمی کۆمەڵگاکەشی لە کۆڵناوە، چونکە باوەڕی بەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ خەمەکان لە زیادبووندایە و کۆتاییان نایەت و نەوەکانی دوای خۆشیان هاوشێوەی ئەمان خەمبار دەبن و شاعیر هێندە ڕەشبینە کە پێوایە ساڵ بە ساڵ بلێین خۆزگەمان بە پار، خەمەکانی خۆی بە دەریا چواندووە و خوێنیشی بە مەرەکەب هێندە خەمبارە لەو ڕۆژەوەی کە تابلۆی شیعری بە خوێنی خۆی کێشا ئیتر خەمی خۆی ئاوێزانی شیعر بوو، شادی ژینی لە دەستداوە و هێندە ڕەشبین و خەمبارە کە ژینیش لە دەست بدات.

لە سەردەمێکدا هاتمە دنیاوە

هەموو ساڵێکی خۆزگە بە پار بوو

کەشتی ناو دەریای ئەسرینی خۆم بووم

هەر نا ئومێدیش بۆ من کەنار بوو(هەمان سەرچاوە: 95)

کە خوێنی خۆم ڕشتە تابلۆوە

کەزانیم ئیتر خۆرم لێهەڵنایەت

من گولەی مەرگم نا بەخۆمەوە

چونکە بەدبەختی کۆتایی نایەت (هەمان سەرچاوە، 2002: 103)

بە هەمان شێوە (ئیدریس جماع) یش خەم و ئازارەکانی ئاوێزانی شیعرەکانی دەکات و خەمەکانی هێندە زۆرن نایەوێت هەموویان بدرکێنێت، چونکە بە درکاندنیان دنیای شیعری و وێنە شیعریەکانی سەراپا خەماوی دەبن، بۆیە نایان درکێنێت، چونکە خەمی کۆمەڵگاکەیەتی و بەدرکاندنی بەشێکی کەم لەخەمەکانی نەوەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێزار بوونە و بەخەم و ئازارەکانی ئەم ئەوانیش خەمبار دەبن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەم و ناخۆشیەکان بەردەوام دەبن و نەوەکانی دوای خۆیشی بە بیستنی ئەم خەم و ئازارانە قەڵس و خەمبار دەبن وەکو دەڵێت:

خطوبٌ لو جهرتُ بها لضافت

بها صور البيان و ضاق شعرى

جهرتُ ببعضها فاضاف بئى

بها ألماً إلى الام غيرى

كأنى أسمع ألاجيال بعدى

وفى حنق تردّد هول أمرى (جماع: ٨٦-٨٧)

(شتانێکن (خەمگەلێکن – ئازار گەلێکن) ئەگەر بیاندرکێنم وێنەکانی ڕەوانبێژی و شیعرم تەنگ دەکات، هەندێکیانم درکاند ناڵە و ئازارم ئازاری تری خستە سەر ئازاری کەسانی تر، وەکو ئەوەی گوێم لە نەوەکانی دوای خۆم بێت بە تورەیی حاڵی خراپم دەڵێنەوە).

خەمی خۆشەویستی و سەوداسەری عیشق لای هەردوو شاعیر سەرچاوەیەکی بە تەوژمی ڕوانینە ڕەشبینیەکانیانە بۆ ژیان، دەردی دووری و دابڕان ئاه و حەسرەت بۆ ڕۆژانی ڕابردوو و ئەو ڕۆژانەی کە (محەمەد عومەر) لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بووە وەرزەکانی ساڵی بە جوانترین شێوە بینیوە، وەکو لە کۆپلەی یەکەمی شیعری (کۆست) دا بەفری بە پشکۆ زانیوە و چڵە رووتەکانی درەختیش بە گوڵزار وەکو دەڵێت:

لەگەڵ ئەودا بووم بەفر پشکۆبوو

كە گەڵاش نەبوو بەڕووی دارەوە
من گوڵزارێکم ئەهاتە بەر چاو..
بە چڵی رووتی بەفرانبارەوە (هەمان سەرچاوە: 34)

کەچی بە رۆشتنی ئەو وێنەکان ئاوەژوو دەبنەوە و شاعیر دەروونی نائارام و دنیایەکی تراژیدیای باڵ دەکێشێت بەسەر دنیای شیعریدا و ئاە و حەسرەت بۆ ئەو روژانە هەڵدەکێشێت کە لەگەڵ ئەودا بووە دنیا بەلایەوە بەهەشتێکی نەبڕاوە بووە و ئەم بەهەشت و خۆشەویستیەی شاعیر زۆرناخایەنێت و باغی دڵی دەسووتێت و ئەشکی چاوی جۆگەل هەڵدەبەستێ، تەمی خەم و مەینەتی لەمشت دەنێت:

هەرچەندە لە دوای ئەو من بۆ گزنگێ ...
تەمی مەینەتیم .. بنێتە ناو مشت
رۆژانێکی زۆر هەر هاتم و چووم..
دڵ سووتا چاوم ئەشکی زۆری رشت(هەمان سەرچاوە: 38)

ئەم دووری و دابڕان و خەمی هیجرانە لای (ئیدریس جماع) بە شێوازێك وێنا دەکرێت کە رۆژانی خۆشی و پێکەوە بوونیان بە بەهاری خۆشەویستی وەسف دەکات و دنیاش بەلای ئەمەوە گوڵ و گوڵزارە و بە بەهەشتی خوای دەبینێت و پێکی بادەی خۆشەویستی دەنۆشن و دنیای پڕ سۆز باڵی کێشاوە بەسەر هۆنراوەیدا و خۆیان وەکو پەلکە زێرینەیەك بەرچاو دەکەوێت کە ڕوخسارێکی رەنگاوڕەنگی درەوشاوەیان هەیە لە ئاسمانێکی شەوەزەنگدا کۆچیان کردبێت، کەچی ئەم خۆشی و کەیف و سەفایە بە دووری و دابڕانی یاری کۆتای دێت و بەهەشتی لێدەبێت بە دۆزەخێك کە چارەنووس و سبەینێی خۆیان نەبیننەوە و دڵیش بەو دەرد و حەسرەتەوە وێنەی کتێبێکی وەلاوە نراو لە کتێبخانەیەکی خۆڵاویدا دادەخرێت کە لە شیعری بەهاری خۆشەویستیدا پێمان دەڵێت:

فی ربیع الحب کنا نتاسقی ونغنی
ونناجی الطیر من غصن لغصن
إننا طیفان فی ماو سماوی سرینا
واعتصرنا نشوه العمر ولکن ما ارتوینا
إنه الحب لا تسأل فلا تعتب علینا
کانت الجنه مسرانا فضاعت من یدینا
ثم ضاع الأمس منا
وانطوت بالقلب حسره (جماع: ١٢٩)

(لە بەهاری خۆشەویستیدا پێکی خۆشیمان دەنۆشی و گۆرانیمان دەوت و قسە و سۆزمان بۆیەك دەردەبڕی و قسەمان بۆ باڵندەکان دەکرد لەم چڵ بۆ ئەو چڵ، ئێمە پەلکەزێرینەیەك بووین لە خەونێکی ئاسمانیدا شەوڕەومانکرد، خۆشەویستیمان کردە مەی و نۆشیمان و تینوێتیمانی نەشکاند، ئەمەخۆشەویتسی یە و نە بپرسەو نە گلەیمان لێبکە. بەهەشت شوێنی شەوڕەویمان بوو ونمان کرد لە دەستدا، دواتر سبەینێمان لێونبوو، دڵیش بە حەسرەتەوە داخرا).

دڵەڕاوکێ:

دۆخێکی ناخۆش و ناجێگیری دەرونی مرۆڤە و کردەوەیەکی ناپەسەند و ناواقعیە لە خودی کەسەکەدا، دڵەڕاوکێی دەروونی (( یەکێکە لە هەستە مروڤایەتیە گرنگەکان، وەك خۆشی و ناخۆشی و ترس، دڵەڕاوکێ بەواتای (توتر) چاودێری و هەست کردن بە ترسناکی و بە واتای نا ئارامی دەروونیش دێت)). (حسان المالح، www.hayatnafs.com). ئەم نائارامی دەروونی و هەست بەترس و گومان و هەستکردن بە پێچەوانە بوونەوەی ئەرك و کرداری کەرەستەکانی دەوروبەر (( لە هەموو جۆرەکانی نەخۆشی دەروونیدا رەگەزێکی هاوبەشەو هەستکردنێکی درێژخایەنە بە نائارامی و ترس و تۆقینێکی دوورە وەخت)). (عومەر یاسن جەباری، 2004 :113)، کە دەرئەنجامەکەی دڵەڕاوکێ دروست دەکات و دەبێتە هۆی رەشبینی کەسەکە و دەیان و سەدان پرسیار و گومانی خراپی

لەلا دروست دەبێت ئەمەش لە شیعری هەردوو شاعیردا بە ڕوونی دیارە، (محەمەد عومەر) لەگەڵ دەستپێکی ئەشکی سێدارەدا هەنسك و گریانی خۆی ئاوێزانی هەوری ئێوارە دەکات و لەگەڵ هەر خەمێکیدا پرسیار و دوڵەڕاوکێ لەلای شاعیر زیاد دەکات، جارێك خەمی بەخوڕ داکردنی داوەتە پاڵ قامچی نرکەی ترسناکی بروسکە، یاخود ئەم ئەشك ڕشتنەیان بۆ مردنی گەڵاکان بێت؟ شاعیر هەر دەپرسێت و گومان و دوودڵیەکانی لە زیادبووندایە هەتا کۆتا گومانی ئەوە بوو کە هەوڕ بۆمەرگی خۆی بگرێت، بەڵام شاعیر نە خۆی تێگەشت و نەکەسیشی تێگەیاند هەر وێڵی کردەنەوەی کۆدەکان بوو هەتا ئەو دوودڵیە هێندە ڕەشبینی کرد لە ژین چاوی هاوشێوەی سوراحی فرمێسك بڕێژێت:

ئەشکی ئێوارە
لەگەڵ هەنسك وگریانی
هەوری خوێنینی ئێوارە
بەکوڵ گریا
ئەم دڵە پڕلە پرسیارە
وتی ئای ڕەنگە هەورەکان لەتاو
ئازاری قامچی بروسکەکانێ
بە خوڕ دابکەن؟
یا بۆ دیمەنی پرماتەمینی گەڵا مردووەکان؟
شین وزار بکەن؟
یان بۆیە ئاسمان بۆیە وا بەکوڵ گریا
چونکە گوڵی هەور لە وەرینایەو
دەستی بەربووە لە چڵی دەریا
گریام وکەسێك نەبوو لێم بگا
باخی ئومێدم بوو بە خاکستەر
گریام کەس نەبوو دڵی بەفرینی بکات بەدەست و
کراسی ڕەشم دادڕێ لەبەر
هەتا ساماڵ شانی دادا.. هەروەستابووم
کەس پێکی دڵی نەهێناو
لێو ڕێژ بوو سوراحی چاوم (محەمەد عومەرعوسمان، 2002: 8)

سەرەتای گومان و دڵەڕاوکێ لەلای (ئیدریس جماع) لە هەستکردن بە جوڵەی جێگاکەیەوە دەست پێدەکات، وەکو چۆن (محەمەد عومەر) سەرەتای دڵەڕاوکێکەی بەپرسیار وگەڕان بە دوای خەمی هەوردا دەست پێدەکات بەهەمان شێوە (جماع) یش دەستپێکی گومانەکانی بەخەمی جێگاکەیەوە دەستپێدەکات کە ناڵە و هاواری هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان هاوشێوەی نرکەی بروسکەکانی (محەمەد عومەر) دەهەژێنێت بە ئاگایان دێنێت لەم ئازارە، گومان لە ڕوانینی چاوەکانیشی دەکات کە چۆن تووشی دوودڵی کردوون ولێیدەڕوانن و ناشیبینن، تەواو لە ژین ڕەشبین دەبێت و هەست بە کۆتای هاتنی تەمەن دەکات بەبێ ئەوەی چێژی لە خۆشیەکانی ژیان بینیبێت ،تا ڕادەیەک دڵەڕاوکێکەی دەگاتە ئەو ڕادەیەی تووشی خەوزڕاندن ببێت و لە خۆشی بپرسێت و نەزانێت ئەم شوێنە ئەم دەستی خەمە چیە کە وایلێکردووە.

يقلبني الفراش على عذاب
يهز أساه كل ضمير حر
تطالعني العيون ولا تراني
فشخصي غيَّرته سنين أسر

وأين الأمن منّي من حياتي
فقد فنيت وما خطبى بسرّ
ويسلبنى الكرى إلا لما ما
يد من حيث لا أدرى وأدرى
(جماع: 87)

(به ئازارەوە جێگاکەم ئەمدیو و ئەودیوم پێدەکات و هاوار و ناڵەی هەموو ویژدانێکی زیندوو دەهەژێنێت، چاوەکان لێمدەڕوانن و نامبینن وەکو کەسێك، چونکە ساڵەکانی دیلی منی گۆڕیوە، چی خۆشی و ئاسوودەیەك لە ژیانێك بخوازم کە لە ناوچووم ، بەڵام گرفتی من شاراوە نیە، خەوم لێدەزڕێنێت، لە دەستێکەوە لە شوێنێکەوە دەزانم و نازانم).

ئەنجام:

ئەو ئەنجامانەی کە لەم باسەدا پێیانگەیشتووین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان ئەکەینەوە:

١-لەدوای گەڕانێکی ورد و خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە لە بارەی لق و ناوەڕۆکە هاوبەشەکانی رەشبینی لە شیعرەکانی هەردوو شاعیردا، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی سەرەڕای جیاوازی ژینگە و شوێنی نیشتەجێبوونی هەردوو شاعیر، بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە تاڕادەیەك ژیانێکی هاوبەشیان هەبووە.

2- سەرچاوەی تایبەتی و گشتی (رەشبینی) لای هەردوو شاعیر تا ڕادەیەك چوون یەکن، هەروەکو لە توێژینەوەکەدا دەرکەوت زۆربەی رەشبینیەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی مەرگ، خەم و ئازار، هەرەسهێنان، گلەی لە بەختی رەشیان و دڵەڕاوکێ، هەموو ئەمانە بوونە ناوەڕۆککەلی رەشبینی لای هەردوو شاعیر.

**3- بەپێی ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە (محەمەد عومەر) رەشبینتر دەردەکەوێت، چونکە خەمەکانی زیاتر خودی ترن و تایبەتن بە خودی شاعیرەوە، دنیایەکی رەشبین و وەرزێکی پڕ لە خەزانی بۆ خۆی دروستکردووە، بەڵام (ئیدریس جماع) سەرباری نەهامەتیە خودیەکان، بارودۆخی نا لەبار و دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەی رەنگ و بۆیەکی رەشبینی بەشیعرەکانی بەخشیووە و هەرچەندە خەمی خۆیەتی دوو هێندەش خەم لە نەوەکانی کۆمەڵگاکەی دەخوات و زیاتر رەشبینی دەکەن، کەواتا رەشبینیەکانی (جماع) لە دوو ڕوانگەوەیە ڕوانینەکانی بۆ گەندەڵی و داگیرکاری نەتەوەکەی و رەشبینی دەرونی خودی شاعیر.**

**4-ئەم توێژینەوەیە سەلمێنەری ئەوە بوو کە ئەم دوو شاعیرە پەیوەندی راستەوخۆیان بەیەکەوە نەبوو، بۆیە ئەم بەراوردە بەپێی قوتابخانەی ئەمریکی کراوە کە کار لەسەر لایەنە هاوبەشەکانی رەشبینی دەکات و بیر فراوانی هەردوو شاعیر لە روانگەی تێڕوانینە رەشبینیەکانیان بۆ هەرەس و لە دەستدانی هیوا و ئومێد و ئارەزووی مەرگ لە لای دوو شاعیری بە خاك و نەتەوە لە یەك جودا.**

**5-رەشبینی پانتایەکی گەورەی لە شیعری هەردوو شاعیردا داگیرکردووە و ڕوانینەکانیان بۆ بابەتەکانی مردن و شانس و بەخت زادەی بیر قوڵی هەردوو شاعیر دەردەخات، (محەمەد عومەر) لە مەسەلەی مەرگدا هانا بۆ خۆکوشتن دەبات، بەڵام (ئیدریس جماع) ئارەزووی مەرگ دەکات، کردەی خۆکوژی ئەنجام نادات، هەردوو شاعیر باوەڕیان بە (جەبر و ئیختیار) هەیە و پێیانوایە دیاریکردنی بەخت لە دەستی زاتێکدا کە لەخودی مرۆڤ گەورەترە.**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

**ا- کتێب**

**- عومەر یاسین جەباری (د.)، ژیانی مرۆڤ لە ڕوانگەی دەرونزانییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی روشنبیری، هەولێر، 2004.**
**- فازیل کەریم و کۆمەڵێ نووسەری تر، بڕوانە نووسینەکەی قادر میرخان، خەیاڵ و ڕۆح- چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری کوردی، تێڕوانینێکی شێوەکاریانە بۆ رەنگ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2004.**
**- مجید محمود، شیعر و فەلسەفە، وەرگێڕانی فوئاد مجید میسری، چاپی دووەم، سلێمانی، 2008.**
**- محەمەد کوردۆ، جوانی وجیاوازی، رەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی بینای، سلێمانی، 2009.**

- محەمەد عومەرعوسمان، لە غوربەتدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2002.
- سامان عیزەدین سعدون، دەقە شیعریەکانی گۆران لە روانگەی دەروونناسیەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، 2015.
- هانی سلێمان، دەرونزانی گشتی، وەرگێڕانی ئامانج محەمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، 2011.
- هاوژین صلێوە، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، هەولێر، 2013.

سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

- عبدالحسین زرین کوب، در قلمرو وجدان، ناشر سروش زاگرس، 1395.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

- ابن منظور، أبوالفضل، لسان العرب، بیروت دارصادر، 2013.
- ادریس محمد جماع، دیوان لحظات باقیه، دار الفكر للطباعه والنشر، الخرطوم، 1989.
- ابراهیم فضل الله(د.)، علم النفس الادبی مع نصوص تطبیقیه، دار الفارابی، لبنان، 2011.
- منیر صالح عبالقادر، مقدمه دیوان لحظات باقیه، شركه دار البلد للطباعه و والنشروالتوزیع، الطبعه الثانیه، الخرطوم، 1998.
- یوسف میخائل أسعد، عن التفاؤل و التشاؤم، دار النهضه، مصر الفجاله، 1983.

رۆژنامەکان بە زمانی کوردی:

- سەروەر سەعدوڵا، دیداری تایبەت، رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە1212، 2013.

رۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی:

- محی الدین الذقانی،جریده الشرق الأوسط، العدد 9535، 2005.

ئەنتەرنێت:

- حسن صالح، موقع انترنت،www.hayatnafs.com